چوار ئاسۆواری سەردەمی "دەی دو روبار" رادەستی عێراق دەکرێتەوە

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق رایگەیاند، دوای کاروبارەکانی بەدواداچون و گەیاندنەوەی ئاسۆوارە عێراقییەکان، چوار ئاسۆواری مۆزەیی سەردەمی "دەی دو روبار" رادەستی باڵیۆزخانەی عێراق لە بریتانیا کرانەوە، ئاسۆوارەکانیش بریتین لە سێ نوسراو و تابلێیەکی ئاسۆواری.

ئەحمەد سەحاف وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، لە چوارچێوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بە گەیاندنەوە، باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن بە هەماهەنگی لەگەڵ مۆزەخانەی بریتانیا بەدواداچونیان بە ئاسۆوارەکانی دەرەوەی عێراق کرد.

ئاماژەی بەوەشکردوە، محەمەد جەعفەر باڵیۆزی عێراق لە لەندەن پارچە ئاسۆوارەکی بەدەستگەیشت کە بریتییە لە سێ نوسین و تابلێیەک، کە مۆزەکەی دەگەڕێتەوە بە شارستانیەتی "دەی دو روبار" واتە 2000 ساڵ پێش زایین.

ئەوەشی خستەڕو، ژنەکی بریتانی ئەو نوسراوانەی کە لە باوکییەوە وەک میراتی بە ماوەتەوە رادەستی باڵیۆزخانەی عێراق لە لەندەن کردوە، مۆزەخانەی بریتانیاش ئاسۆوارەکی دیکە کە بریتییە لە پارچە

دیوارەکی بە هەمان شێوە رادەستی باڵیۆزخانەی عێراقی کردوە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە باسی لەوەشکرد، دەستپێشخەری ئەو ژنە بریتانییە بەرز نرخێنرا، داوا لە هەموانیش کرا، کە ئاسوارە عێراقییەکان بگەڕێننەوە، لەسەر ئەو پرسە محەمەد جەعفەر باڵیۆزی عیراق لە بریتانیا، سوپاسی بەرەوبەری بەشی رێژەهەاتی ناوەاست لە مزخانەی بریتانیا کرد.